# پەیامی کونگرەی 10ی کۆمەڵە بۆ بنەماڵەی گیانبەخت کردوان

**بنەماڵەی ئازیزی گیانبەخت کردوانی کۆمەڵە**

کونگرەی دەهەمی کۆمەڵە بە ڕێزگرتن لە یادی خۆشەویستانێك دەستی پێکرد کە ڕۆڵەی ئێوە و هاوڕێی ئێمە و ڕێبوارانی ماندوویی نەناسی ر ێگای ئازادی و رزگاری ئینسانی چەوساوە و ستەم لێکراو بوون. ئەوان ئەستێرەی درەوشاوە بوون و ڕێگای سەرکەوتنیان به ئێمە نیشان دا. ئەمرۆ کە ئێمە بەو پەری شانازیێوە ئەو ڕێگایە بەرەو بەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی پیرۆزی ئەوان، دەپێوین.

ئێوە بە خوراگری لە بەرانبەر غەمی قوورسی لە دەست دانی جگەرگوشەکانتان باغی سەر سەوزی ئەو خەباتە پڕ لە شانازیەتان ئاودێری کرد. ئیرادەی پتەو و ورەی بەرزی ئێوە هەمیشە بۆ ئێمە هاندەر و هێوابەخش بوە لە خەباتێکی عادلانەدا کە ئەرکی هاوبەشی هەموومانە. بەشداربووانی کونگرەی دەهەمی کۆمەڵە دەستەکانتان بە گەرمی دەگوشن و شانازی دەکەن بەوەی کە ئالا هەڵگری خەباتێکن کە ڕۆڵە تێکوشەرکانی ئێوە لە پیناوی‌دا گیانیان بەخت کرد.

ئازیزان!

کونگەرەی ئێمە لە هەل و مەرجێکدا بەرێوە چوو کە خەباتێکی بێووچانی جەماوەری بە پانایی هەموو ئێران لە هەموو لایەکەوە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی خستوتە ژێر مەنگەنەوە. مانگرتن و خۆپیشان دانی کرێکاران لە شوێنی کار و لەسەر شەقامەکان، خەباتی ژنانێك کە نایانەوێ لەوە زیاتر حورمەتی ئینسانی‌یان پێشێل بێ و سووکایەتیان پێبکرێ" لاوانێك کە حکوومەتی ئیسلامی ژیانی ئەورۆیانی لە کۆت و بەندی کۆنەپەرەستی‌دا یەخسیر کردوە و ئاسۆی دوارۆژیان لە ژێر دەسەلاتی ئەو رژیمەدا لێل و تاریکە، خەڵکی کوردستان کە بە خۆراگری و خەباتی بێپسانەوەی خۆیان هەرگیز سەریان بۆ دوژمنی سەرکوتگەر دانەنواند، ئەوانە هەمووی مەیدانی جۆراوجۆری خەباتێکن کە هیوا بە رزگاریان لە دڵی بێبەشان و چەوساوەکان گەشاندۆتەوە و بە بێ فیداکاری و گیانبازی ڕۆڵەکانی ئێوە هەرگیز پێی نەدەنا ئەم قوناغەوە.

ئێمە جارێکی‌تر ویرای راگەیاندنی ئەوپەری رێز و خۆشەویستی‌مان بۆ ئێوە، لەگەڵ هاورێیانی گیانبەخت کردوو و خەڵکی بێبەش و زەحمەتکیش و چەوساوەی کوردستان بەلێن تازە دەکەینەوە کە ئالای سووری کۆمەڵە هەتا سەرکەوتنی یەکجاری و گەیشتن بە دونیای ئینسانی و ئازاد و ئاسودە و بەرابەر، هەر شەکاوە رابگرین.

**بەشداربووانی کونگەرەی‌دەهەمی کۆمەڵە**

**گەلاویژی 1381ی هەتاوێ**